# هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان؛ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێر

**ئاریان صلاح الدین اسعد [١]، زانا احمد پیرداود[٢]**

[١،٢] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە ئایینییەکانی هەرێم کوردستان دەکات، کە کۆمەڵێک ڕەهەند لە خۆ دەگرێت وەکو(متمانە، پەیوەندی و گونجان، لایەنی کۆمەڵایەتی، کەلتوری و ئابوری). میتۆدی بە کارهاتوو لەم توێژینەوەیە، میتۆدی وەسفی بە ڕێگای ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونەیە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە سەرجەم پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکانی دانیشتوی پارێزگای هەولێر پێکهاتووە وەکو (ئیسلام، مەسیحی، کاکەیی، جولەکە، زەردەشتی، بەهائی، صائبە و ئێزدی)، کە (٣٨٤) کەس بە جۆرێک (٢٠٤) کەس لە ڕەگەزی نێر و (١٨٠) کەس لە ڕەگەزی مێ. بە هۆی جیاوازی لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بە نمونەی نائەگەری لە شێوازی نمونەی پشکی بەستووە. ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: زانینی ئاستی متمانەی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان، تاوتوێکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری هاوکاری نێوان پێکهاتە ئایینییەکان، زانینی لایەنی پەیوەندی و گونجانی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان و خستنەڕوی ئاستی هاوکاری ئابوری لە نێوان پێکهاتە ئایینیەکان لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە. گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەران پێیگەیشتون بریتیە لە: ئاستێکی باش لە متمانە لە نێوان پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکان لە پارێزگای هەولێر بونی هەیە، بە جۆرێک سەرجەم پێکهاتەکان لە بابەتەکانی وەک باسکردنی کێشە و نهێنییەکانی ژیان و بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بە کەمترین شێوە ڕەچاوی جیاوازی ئایینی دەکەن. لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە، پێکهاتە ئایینیەکان پەیوەندییەکی باش لە نێوانیان بونی هەیە. گیانی یەکتر قبوڵکردن لە نێوان پێکهاتە ئایینیەکان لە ئاستێکی باشدایە و ڕێز لە نەریت و بنەما و ڕێوڕەسم و پیرۆزییەکانی یەکتر دەگرن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی کەلتورێکی جوان یەکتر قبوڵکردن لە نێوان پێکهاتەکان لە کوردستان. هەروەها گونجانێکی کۆمەڵایەتی باش لە نێوان پێکهاتە ئایینیەکان بونی هەیە و لە ڕوی ئابوریشەوە هاوکاری باش لە نێوانیان بونی هەیە.

**وشە سەرەکییەکان:** هاوکاری کۆمەڵایەتی، پێکهاتە ئاینییەکان، ئایین، فرە ئایینی، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی [١]

هەرێمی کوردستان  بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە چەند پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی تێدا دژین و بە بەردەوامی نمونەیەک بووە لە پێکەوەژیانی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە، کە بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە هاوکاری نێوان ئەو پێکهاتانە و بە توخمێکی سەرەکی لەم پێکەوە ژیانە دادەنرێت و ئەمەش ئاسانکاری بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆ قووڵبونەوە لە چۆنیەتی و ئاستی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان ئەم پێکهاتە ئایینیانە لە پارێزگای هەولێر کە زۆرێک لە پێکهاتەکانی تێدا دەژین،  بەتایبەتی لە دۆخی هەستیاری ئێستای عێراق و ناوچەکە بە گشتی.  تێگەیشتن لەو میکانیزمانەی کە هاوکاری لە نێوان گروپە ئایینییە جۆراوجۆرەکاندا پەروەردە دەکەن، گرنگییەکی قووڵی بۆ پەروەردەکردنی ئاشتی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی لە ناوچەکەدا هەیە.

### ١. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

#### ١-١. کێشەی توێژینەوە:

هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی موسڵمانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك پێکهاتەی ئایینی جۆراوجۆری تێدا دەژیت، لەم ڕووەشەوە بە کۆمەڵگایەکی فرەپێکهاتەیی دەناسرێت. باوەڕمەندانی هەر یەك لەو پێکهاتە ئایینیانە، لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

[١] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)

ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٠ جۆزەردان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٨ پۆشپەڕ ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٤ ڕەزبەر ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: Aryan.salahaddin@gmail.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ ئاریان صلاح الدین اسعد، زانا احمد پیرداود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp1-15

هاووڵاتی هەرێمی کوردستانن و پێکەوە لە چوارچێوەی جوگرافیاییەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی هاوبەشدا دەژین و وەکو توێژەران تێبینیان کردووە لە زۆربەی شار و شارۆچەکەکان گەڕەك یان خانووەکان لە تەنیشتی یەکترن، هەروەها لە شوێنی کار و ناوەندەکانی خوێندن بەریەککەوتن و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لە نێوان شوێنکەوتوانی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان دەبینرێت.

بەریەککەوتن و تێکەڵاویي لە نێوان پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان دەکرێت دەتوانێت کاریگەری هەبێت بۆ دروستبوونی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە ئایینییەکان. ئەم هاوکارییە ئەکرێت لە لایەنی جۆراوجۆری وەکو دروستبونی متمانە، تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و کەلتوری، دروستبونی پەیوەندیي نێوان تاکەکان، گونجان و هاوکاری ئابوری لەخۆ بگرێت. بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ڕێژەی متمانەی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان چەندە؟ تا چەند لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری یارمەتیدەر بووە لە دروست کردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان؟ هەروەها تاکەکانی هەر یەك لەم پێکهاتانە چەندە لەگەڵ ئایینەکانی دیکە دەگونجێن و چەندە ئامادەیي هاوکاریي ئابوریيان تێدایە لەگەڵ یەکتر؟

## ١-٢. گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە وەکو هەر توێژینەوەیەکی دیکەی مەیدانی، لە دو لایەنی تیۆری و مەیدانییەوە خاوەنی گرینگی تایبەت بە خۆیەتی کە لە خوارەوە تیشک دەخەینەسەری:
یەکەم: گرینگی تیۆری: لەڕوی تیۆرییەوە ئەم توێژینەوە بە زمانی کوردی تاوتوێی چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو دەکات لەبواری هاوکاری نێوان ئایینەکاندا، ئەمەش بە هەنگاوێکی گرینگ لە ڕاستای زیادکردنی توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی دادەنرێت. هەروەها خستنەڕوی کۆمەڵێک سەرچاوە و ڕوانگەی تیۆری پەیوەست بەم بابەتە.
دووەم: گرینگی مەیدانی: ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی بابەتێکی گرینگ و هەنوکەیي کۆمەڵگای کوردستان دەکات کە فرەپێکهاتەییە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەڕوی مەیدانییەوە بۆ کۆمەڵێك لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرینگی پراکتیکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:
١. وەزارەتی ڕۆشنبیری سود لەم توێژینەوەیە وەردەگرێت بۆ تێگەیشتنی ورد و زانستی زیاتر لە ڕێژەی هاوکاری نێوان پێکهاتە ئایینییەکان.
٢. دەبێتە بنەمایەك بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی ئەوقات بۆ ئەوەی سود لە ئەنجامەکانی وەربگرن بۆ هاندانی زیاتری هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان و دورکەوتنەوە لە ململانێ ئایینی.

## ١-٣. ئامانجەکانی توێژینەوە

ـــ زانینی ئاستی متمانەی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە.
ـــ تاوتوێکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری هاوکاری نێوان پێکهاتە ئایینییەکان لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە.
ـــ تاوتوێکردنی لایەنی پەیوەندیي و گونجانی نێوان پێکهاتە ئایینییەکان لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە.
ـــ دەستنیشانکردنی ئاستی هاوکاری ئابوری لە نێوان پێکهاتە ئایینییەکان.

# ٢. چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

## ٢-١. چەمکی ئایین:

ئایین یەکێك لەو چەمکانەیە کە وەکو چەمکێکی فرەبوار لە ڕوانگەی جۆراوجۆر و لە پسپۆرییە جۆراوجۆرەکاندا تاوتوێکراوە. لەڕوی دەرونزانی ئایینییەوە ویلیام جیمز وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، کە دەڵێت؛ ئایین بریتییە لە "هەستەکان، کردەوەو ئەزمونی تاکەکەسی مرۆڤەکان لە خەڵوەتی خۆیاندا، تارادەیەك کە خۆیان لە پەیوەندیي لەگەڵ شتێکی دیکە دەبینن کە پێیان وایە ئیلاهییە .(James, 1902: 36) "
لەڕوی کۆمەڵناسییەوە دورکهایم ئاماژە بەوە دەکات: ئایین کردەیەکی بەکۆمەڵە کە فۆرمی جۆراوجۆری ڕەفتار لەخۆ دەگرێت کە تێدا تاکەکان کارلێك لەگەڵ یەکتر ئەکەن. بۆیە پێناسەی ئایین دەکات بەوەی کە بریتییە لە "سیستەمێکی یەکگرتووە لە باوەڕ و کردە دەربارەی شتە پیرۆزەکان." لەم ڕوانگەیەوە، بە پێچەوانەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگاکانی بیرکردنەوەی دیکە، ئایین کۆمەڵێ ڕەفتار و کردە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە ئایینێکی دیاریکراو. (Schaefer, 2005: 351). هەر لەم سۆنگەیەوە ئەمیل دورکهایم لەسەر بنەمای جیاوازیي نێوان پیرۆزی (sacred) و ناپیرۆز (profane) پێناسەی ئایینی کردوە. ئەو پێیوایە کە شمەك و هێما پیرۆزەکان بەشێك لە لایەنە ڕۆتینی و بەسودەکانی ژیانن کە بەڕێزەوە سەیر دەکرێن و بە چالاکی ئایینی دەورەدراون. ئەم ڕێ و ڕەسمانەش بنەمای ئەندامەتی لە گروپ پێکدێنن ( Giddens and etc. al, 2005: 508).

بە لەبەرچاو گرتنی پێناسەکانی سەرەوە، هەروەها تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە، توێژەران پێناسەی چەمکی ئایین دەکەن کە بریتییە لە کۆمەڵە بەها و بیروباوەڕو کردەیەکی بەکۆمەڵ کە پەیوەستە بە باوەڕمەندبون بە بونی هێزێکی سەروی مرۆڤ.

## ٢-٢. چەمکی هاوکاری کۆمەڵایەتی:

هاوکاری کۆمەڵایەتی بەیەکێك لە دیاردەکانی (کارلێکی کۆمەڵایەتی) دەژمێردرێت و شێوازێکە لەشێوازەکانی ڕەفتار، و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ڕەنگدانەوەی کاریگەری لەسەر تاکەکانی هەیە، لەئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو (cournil N. 2001: 1369). بە دەربڕینێکی دیکە هاوکاری کۆمەڵایەتی بریتیە لە تۆڕێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە پشت بە بەرپرسیارێتی هاوبەش، لەنێوان گروپ و کۆمەڵگاکاندا دەبەستێت .(De Deken and et al, 2006: 142).
دورکهایم پێیوایە مەبەست لە هاوکاری کۆمەڵایەتی لە پشت پێبەستنی تاکەکانە بەیەکتری لەنێوکۆمەڵگادا کە وایان لێدەکات هەست بکەن یارمەتیان دەدات پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و ژیانێکی باشتریان هەبێت .(Durkheim, 2018: 218.) بۆیەش یۆنگ و هاوکارەکانی پێیانوایە هاوبەندی کۆمەڵایەتی بریتیە لەو بوارە سەرەکیانەی کە مانەوەی کۆمەڵگایان لەسەر وەستاوەو یەکگرتن و هاوکاریان ڕێکدەخات (Young, and et al, 1968: 344)
مۆکسلیی لە ڕوانگەی ئەرکگەراییەوە پێناسەی ئەم چەمکە دەکات و پێیوایە هاوکاری کۆمەڵایەتی هەوڵی سیستەمەکانە بۆ پرۆسەیەک کە هەمو زانیاریە وەرگیراو و نێردراوەکان بەیەک شێوازو هاوئاهەنگ بن و دروست بن، بەواتای ئەوەی کە سێکتەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا و بونیادەکانی، سەرەڕای جیاوازیەکانیان، بەشێوەیەکی یەکگرتو کارەکانیان ئەنجام بدەن (Moxley, 1973: 452). هەروەها باوم وایدەبینێت هاوبەندی بریتیە لە هاوبەشپێکردنی ئەزمونەکان لەنێوان دو تاک یان زیاتر (Baum,1974: 230) ئەمەش پرەنسیپێکی سەرەکی کردەی گشتیەو خۆی لە

هاوبه‌شیكردنی به‌هاكان و باوه‌ڕه‌كاندا ده‌بینێته‌وه له‌نێوان گروپه جیاوازه‌كانی كۆمه‌ڵگادا (Himonga,and et al, 2013: 370).

به سه‌رنجدان له‌و پێناسانه‌ی سه‌ره‌وه، توێژه‌ر پێناسه‌ی هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی ده‌كات، كه بریتییه له؛ به‌شداری تاكه‌كان له كاروباری كۆمه‌ڵگا وهه‌ڵگرتنی به‌رپرسیاریه‌تی له‌سه‌ر بنه‌مای متمانه، گونجان، په‌یوه‌ندیی كۆمه‌ڵایه‌تی، كه‌لتوری و ئابوری.

## ٣. خستنه‌ڕوی ڕوانگه تیۆرییه‌كانی توێژینه‌وه‌كه:

هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی مێژویه‌كی دور ودرێژو جوۆاروجۆری هه‌یه. هه‌رله ئه‌فلاتون و ئه‌رستۆوه دركیان به‌گرنگی هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی كردوه‌و له‌وه‌ی كه چۆن ده‌بێته هۆی هاتنه‌ئارای كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی سه‌قامگیرو دادپه‌روه‌ر. له‌سه‌ده‌كانی نۆزده و سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی بیست زانایانی بواری كۆمه‌ڵناسی وه‌ک دۆركهایم (Durkheim) و ڤیبه‌ر (Max weber) په‌ره‌یان به‌چه‌مكی هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی داوه و جۆره جیاوازه‌كانی هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تیان له‌یه‌ک جیاكردووه؛ له‌م نێوه‌نده‌شدا زانایانی هاوچه‌رخی كۆمه‌ڵناسی و زانستی سیاسی ڕۆڵێكی كاریگه‌ریان له‌سه‌ر تێگه‌شتن له چه‌مكی هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی هه‌بووه (عادل, ٢٠٢٣: ٦٥). به‌ڵام له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌دا چه‌مكی هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی گرینگیه‌كی زیاتری پێدراو زیاتر په‌ره‌ی پێدرا به‌تایبه‌ت له‌لایه‌ن هه‌ریه‌كه له ئه‌میل دۆركهایم و هێربه‌رت سپنسه‌ر .

له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا له چوارچێوه‌ی تیۆری ئه‌ركگه‌راییدا، به پشتبه‌ستن به بیروبۆچوونه‌كانی ئه‌میل دوركهایم و دۆجی، له‌ڕوی تیۆرییه‌وه تاوتوێی ڕۆڵی ئایین ده‌كه‌ین له كۆمه‌ڵگادا. له ڕوانگه‌ی ئه‌ركگه‌راكانه‌وه، هه‌رچه‌ند كه ئایین به زۆری وه‌كو ئامرازێكی پارێزگاری له نه‌زم (order) و هاوبه‌ندی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌به‌رچاو ده‌گیرێت. ئه‌مه‌ش له ڕێگای دانانی كۆمه‌ڵه یاسایه‌ك بۆ ژیانی خه‌ڵك. به له‌به‌رچاو گرتنی ئه‌و ڕاستییه‌ی كه ئه‌م یاسایه له ده‌سه‌ڵاتێكی ئاسمانییه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت و دیاریده‌كات كه ئه‌ندامانی ده‌بێت چ بكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌نه به‌خته‌وه‌ری، ڕۆڵێكی گرینگی له كۆنترۆڵی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌شێكی گه‌وره‌ی خه‌ڵكدا هه‌یه (. به‌ڵام ده‌توانێت ڕۆڵێكی بنچینه‌یی له دروستكردنی گۆڕانی كۆمه‌ڵایه‌تیدا هه‌بێت .(Scott and Schwartz, 2000: 372)

له‌م په‌یوه‌ندییه‌دا دوركهایم له ڕوانگه‌ی نه‌زمی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه (Social Order) ده‌روانێته ئایین و ماكس ڤیبه‌ر له چوارچێوه‌ی گۆڕانی كۆمه‌ڵایه‌تیدا سه‌یری ئایین ده‌كات كه له خواره‌وه به كورتی تیشك ده‌خرێته سه‌ر بیروبۆچوونه‌كانی هه‌ر دوكیان.

### ٣-١. هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی و ئایین له ڕوانگه‌ی ئه‌میل دوركهایم:

له ڕوانگه‌ی دۆركهایمه‌وه، هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی حه‌تمیه‌تێكی زه‌روریه له پاراستنی سیسته‌می كۆمه‌ڵایه‌تی كه ئه‌مه‌ش به‌دو شێواز به‌دیار ده‌كه‌وێت: هاوكاری میكانیكی (Mechanical Solidarity) و هاوكاری ئۆرگانی (Organic solidarity). مه‌به‌ست له هاوكاری میكانیكی، بریتیه له هاوشێوه‌یی و له‌یه‌كچون كه زامنی هێشتنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵگاكانه‌و ئه‌مشێوازه زیاتر له كۆمه‌ڵگه نه‌ریتیه‌كانی پێشودا به‌دی ده‌كرا. له‌به‌رانبه‌ردا، هاوكاری ئۆرگانی پشت به متمانه‌پێبه‌ستی دولایه‌نه و جیاوازیه‌كان ده‌به‌ستێ و سیمایه‌كی كۆمه‌ڵگه ئاڵۆزو نوێیه‌كان (Durkheim: 2023: 68). له‌لایه‌كی تره‌وه، هاوكاری كۆمه‌ڵایه‌تی ده‌به‌ستێته‌وه به هه‌ڵبژاردنی سروشتیه‌وه ( Natural Selection). له‌م تێڕوانینه‌وه، تاكه‌كان هاوكاری له‌گه‌ڵ یه‌كتردا دروست ده‌كه‌ن به ئامانجی به‌دی هێنانی به‌رژه‌وه‌ندیه كه‌سیه‌كانی خۆیان و زامنكردنی مانه‌وه‌یان، كه‌ئه‌مه‌ش خۆی له‌خۆیدا بنه‌مایه‌كی سه‌ره‌كی مانه‌وه‌ی ڕه‌گه‌زی مرۆڤه له ڕابردو و ئێستا و داهاتودا.

دوركهایم له ڕوانگه‌ی ئه‌ركگه‌راییه‌وه شیكردنه‌وه‌ی بۆ ئایین كردووه. ئه‌و له‌و باوه‌ڕه‌دا بو، كه هه‌موو ئایینه‌كان، به بێ له‌به‌رچاو گرتنی جیاوازییه ڕواڵه‌تییه‌كانیان، بنه‌مای هاوبه‌شیان هه‌یه. به له‌به‌رچاو گرتنی ئه‌وه‌ی كه ئایینه گه‌وره‌كان ئاڵۆزن، توێژینه‌وه‌كردن له‌سه‌ریان ئه‌سته‌مه، بۆیه باشتر وایه تاوتوێی ئایینه كۆن و ساده‌كان بكرێت و پاش ناسینی توخمه بنچینه‌ییه‌كانی ئایینه‌كان، ئه‌م توخمانه له نێو ئایینه گه‌وره‌تر و ئاڵۆزتره‌كاندا ده‌ست نیشان بكه‌ین. بۆیه‌ش دوركهایم توێژینه‌وه‌كه‌ی له‌سه‌ر خێڵه‌كانی مه‌لانزیا له ئۆسترالیا ئه‌نجامدا و دواتر ئه‌نجامه‌كانی خۆی به‌سه‌ر هه‌مو ئایینه‌كاندا گشتاند (اسلامی، ٢٠٠٠: ٨٨)

ده‌رباره‌ی ئه‌ركی ئایین، دوركهایم پێیوایه كه ته‌نها له بیروباوه‌ڕ و ئیماندا كورت ناكرێته‌وه. به‌ڵكو هه‌مو ئایینه‌كان كۆمه‌ڵێ چالاكی و ڕێ و ڕه‌سمی ئایینی له‌خۆ ده‌گرن كه تێدا باوه‌ڕداران، چاویان به یه‌كتر ده‌كه‌وێت و له دروشم و ڕێ و ڕه‌سمه به‌كۆمه‌ڵه‌كاندا، هه‌ستی یه‌كانگیری و هاوپه‌یوه‌ندیی به‌كۆمه‌ڵ به‌هێز ده‌بێت. ئه‌م دروشم و ڕێ و ڕه‌سمه ئایینییانه، تاكه‌كان له نیگه‌رانی و دڵه‌ڕاوكێ ژیانی كۆمه‌ڵایه‌تی ناپیرۆزی دونیایی دور ده‌كه‌نه‌وه‌و قه‌ڵغانێكی میتافیزیكی بۆ تاكه‌كان دروست ده‌كه‌ن كه تێدا هه‌ست ده‌كه‌ن له‌گه‌ڵ هێزێكی به‌رزتر له په‌یوه‌ندیدان. ئه‌م هێزه به‌رزتره كه ده‌درێته پاڵ ته‌وته‌م یان بونه‌وه‌ره ئاسمانییه‌كان یان خوداكان، له ڕاستیدا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هێز و كارتێكه‌ری كۆمه‌ڵگایه له‌سه‌ر تاك (گیدنز، ٢٠٠٧: ٧٧٨ ـ ٧٧٩).

### ٣-٢. ئایین له ڕوانگه‌ی ماكس ڤیبه‌ر

یه‌كێك له‌و كۆمه‌ڵناسانه‌ی كه به‌هۆی لێكۆڵینه‌وه‌كانی ئه‌و و كۆمه‌ڵناسانی دیكه‌ی وه‌كو دوركهایم ده‌رباره‌ی دیین، بوارێك به ناوی كۆمه‌ڵناسی دیین بونیادنرا، ماكس ڤیبه‌ره. به‌چه‌شنێك كه جۆرج ڕیتزر پێیوایه ئاراسته‌ی سه‌ره‌كی لێكۆڵینه‌وه‌كانی ڤیبه‌ر له بواری كۆمه‌ڵناسی دیین دایه، به واتایه‌كی دیكه، ڕۆڵی دیین له گۆڕانی كۆمه‌ڵایه‌تییه (عبدالرضا علیزاده و دیگران، ٢٠٠١: ٢٤٤). به‌ڵام به پێچه‌وانه‌ی دوركهایم كه ته‌ركیزی له‌سه‌ر ئایینه بچوك و سه‌ره‌تاییه‌كان بو، ماكس ڤیبه‌ر لێكۆڵینه‌وه‌ی به‌رفراوان و تێروته‌سه‌ڵی ئایینه جۆراوجۆره‌كانی جیهانی كرد. هیچ بیرمه‌ند یان توێژه‌رێك له پێش ڤیبه‌ر یان ته‌نانه‌ت دوای ئه‌و، توێژینه‌وه‌یه‌كی به‌و به‌رفراوانییه ئه‌نجام نه‌داوه. ڤیبه‌ر به‌گشتی ته‌ركیزی له‌سه‌ر شتێكبو كه به ئایینه جیهانییه‌كان ده‌ناسرێت ـ ئه‌و ئایینانه‌ی كه ژماره‌یه‌كی زۆر شوێنكه‌وتویان هه‌یه‌و كاریگه‌رییه‌كی به‌رچاویان له‌سه‌ر ڕه‌وتی مێژوی جیهان هه‌یه. ئه‌و توێژینه‌وه‌ی كرد ده‌رباره‌ی ئایینی هێندۆ، بودایی، تاتۆئیسم و یه‌هودیه‌تی دێرین و له كتێبی ئه‌خلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سه‌رمایه‌داری (The Protestant Ethic and the Spirt of Capitalism)و شوێنه‌كانی دیكه لێكۆڵینه‌وه‌ی زۆری ده‌رباره‌ی كاریگه‌ری مه‌سیحیه‌ت له‌سه‌ر ڕۆژئاوا نوسی، به‌ڵام ئه‌و لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ی ته‌واو نه‌كرد كه ده‌رباره‌ی ئیسلام پلانی بۆ دانابو. هه‌روه‌ها جیاوازییه‌كی دیكه‌ی ڤیبه‌ر له‌گه‌ڵ دوركهایم له‌وه دایه كه ڤیبه‌ر په‌یوه‌ندیی نێوان دیین و گۆڕانی كۆمه‌ڵایه‌تی كرده چه‌قی كاره‌كانی خۆی، واته شتێك كه دوركهایم سه‌رنجی نه‌دابو (گیدنز، ٢٠٠٧: ٧٨٠).

ڤێبه‌ر كتێبێكی به ناوی كۆمه‌ڵناسی دین نوسی و هه‌روه‌ها به‌هۆی كتێبی ئه‌خلاقی پرۆتستانتی و ڕۆحی سه‌رمایه‌داری، تیۆرێكی تاراده‌یه‌ك دژ به لێكدانه‌وه‌ی ماتریالیستی ماركسی له سه‌رهه‌ڵدانی سه‌رمایه‌داری خسته‌ڕو و به وته‌ی گیدنز، ڤیبه‌ر ئه‌و ماتریالیزمی مێژویه‌ی ڕه‌ت كرده‌وه كه ته‌نها له یه‌ك گۆشه‌نیگاوه ده‌یڕوانی. ئه‌و

بەشێوەی پراکتیکی توانی ڕۆڵی بەهاکان لە دیاریکردنی کردەی کۆمەڵایەتی تاکەکان تیۆریزە بکات (پوراحمدی و کریمی الوار، ٢٠٠٦: ٥٥).

بەمپێیە لە ڕوانگەی ئەرکگەراییەوە ئایین وەکو هەر دامەزراوەیەکی دیکە خاوەنی ئەرکی تایبەت بە خۆیەتی. لەم سونگەیەوە دینداری هۆکاری فاکتەرێکی سەرەکی بەکۆمەڵایەتیبون و یەکانگیری هزری، کرداری و ئاراستە وەرگرتنە بەرانبەر کێشەکان، دیاردەکان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان. دیین و ئایین ئەرکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆریان هەیە، وەکو بە کۆمەڵایەتیکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا، کەمکردنەوەی ناکۆکی، بەهێزکردنی بەها هاوبەشەکان، یەکپارچەکردنی کۆمەڵگا، پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی. هەر لەم بارەوە توکویل پێیوایە کە بیروباوەڕی ئایینی جۆرێك ڕێکخستنی ئاکاریی لە تاکەکان دروست دەکات و لە کۆمەڵگایەکدا کە یەکگرتویی لەبەردەم هەڕەشە دایە، دەتوانێت ببێتە هۆی هاوپەیوەندیی.

## ٣-٤. فرەئایینی لە هەرێمی کوردستان:

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان زۆرینەیان موسڵمانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند پێکهاتەیەکی ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەیە, کە بەگوێرەی "یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان ـ عێراق" لەساڵی (٢٠١٥)، بەشی یەکەم ماددەی (١) هاتووەکە کۆمەڵە و ئایین و ئاینزاکان بریتین لە (مەسیحی، ئێزیدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی، شەبەك، فەیلی، زەردەشت) کە هاووڵاتی کوردستانی عێراقن (یاسای ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٥). لە خوارەوە بە کورتی تیشك دەخەینە سەر هەر یەك لەو ئایینانەی کە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا (پارێزگای هەولێر) بوونیان هەیە .

**ئیسلام:** ئیسلام ئایینی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە کە لە نزیك بە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەلایەن "حەزرەتی محەممەد"ەوە ئاراستەی مرۆڤایەتی کراوە. ئایینی ئیسلام لە سەردەمی خەلیفەی دووەمدا هاتوەتە کوردستان و ئێستا زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان شوێنکەوتەی ئەو ئایینەن.

**مەسیحی :** ئەم پێکهاتەیە، پێکهاتەیەکی ئایینی و نەتەوەییە کە لەڕوی نەتەوەییەوە سریانی و ئاشوری و کلدانن و لەڕوی ئایینییەوە کریستیانن (احمد، ٢٠٢٤: ١٠٦). ئایینی مەسیحی لەڕوی ژمارەی پەیڕەوانەوە زۆرترین شوێنکەوتەی لە جیهاندا هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئایینی زۆرینەی دانیشتوان نیە. بە وتەی ئەمیر عوسمان، بەڕێوەبەری بەشی پێکەوەژیانی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛ "پێش ساڵی (٢٠٠٣) ژمارەی کریستیانەکان لە عێراق بە یەك میلیۆن و نیو دەخەمڵێندران، بەڵام دوای ساڵی (٢٠٠٣)، بەتایبەت دوای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر شارۆچکە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا، ژمارەیەکی زۆریان عێراقیان بەجێهێشت و لەسەدا ٩٠ی ئەوانەی مابونەوە ڕویان لە هەرێمی کوردستان کرد. لە ئێستادا لە عێراق تەنها (٢٥٠) بۆ (٣٠٠) هەزار مەسیحی ماون و زۆرینەی ڕەهایان لە هەرێمی کوردستان دەژین .(Kurdistan 24, 2021)

**سابیئەی مەندائی:** ئایینی سابئی وەك چۆن لەکتێبە ئایینییەکان نوسراوە، لەوە پوخت دەبێتەوە کە ئەوان باوەڕیان بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە. پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە بە ژمارەیەکی کەم بۆ کاروباری بازرگانی ڕویان لە ناوچەکانی کوردستان کردوە. بەڵام بەهۆی تێکچونی بارودۆخی ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٦)، دۆخێکی خراپ ڕوبەڕوی سائیبەکان بویەوە لە کوشتن و فڕاندن و چەوسانەوە، بۆیە لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٧) دەستیان کرد بە کۆچکردن بۆ هەرێمی کودستان و بەتایبەتی بۆ شاری هەولێر.

**ئایینی زەردەشتی:** زەردەشتی، یان ڕاستتر (مەزدایزم)، دوای دروستبونی ئایینی و سیاسی لەناو میللەتە جیاوازەکانی ئێراندا و بەتایبەتیش لەناو کورددا بڵاوبۆوەو جێ پێی خۆی گرت، بەڵگەی بڵاوبونەوەی ئەو ئایینە لە کوردەواریدا ئەو فاکتەیە کە مەڵبەندی مانگەکانی زەردەشتی (عێراقی عەجەمی) یان ناوچەی چیاکان (جبال) بو، واتە کوردستانی ئێستا (میران،٢٠٠٠: ٨).

**ئایینی کاکەیی:** سەبارەت بە ژمارەی کاکەییەکان بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە یەکێتی ئەوروپا، یان نەتەوە یەکگرتوەکان کردویانە، کاکەییەکان نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس دەبن لە کوردستان و عێراق، زیاتریشیان لەو شوێنانە نیشتەجێن کە بە ماددەی (١٤٠) ناسراوە، واتە زیاتر نیشتەجێی دەشتی نەینەوان لە ناوچەی حەمدانیەو خازر، لە نزیکی (٩) گوندی ئەو شوێنانە نیشتەجێن، هەروەها لە سەنتەری شارەکانی موسڵ و هەولێر و کەلار و پارێزگای هەڵەبجە کە ئەوانەی هەڵەبجە ئێستا زیاتر لە سلێمانی دەژین. لە کەرکوکیش لە ناوچەی داقوق و سەنتەری شار (کاکەیی، ٢٠٢٢: ١١٠).

**ئێزیدییەکان:** ئێزیدییەکان یەکێکن لە کۆنترین پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. زۆرینەی ئێزیدییەکان لە باکوری ڕۆژئاوای عێراق و لە ناوچەکانی دەوروبەری چیای شنگال و قەزای شێخان دەژین، جگە لەوەش هەندێك گوند و شارۆچکەی ئێزیدی لە تەلکیف و ناحیەی بەعشیقە و هەروەها لە پارێزگای دهۆك بونیان هەیە.(Zoonen, 2017: 7) هەرچەند کە زۆرینەی ئێزیدییەکان لە نەوەدا کوردن و بە زمانی کوردی کرمانجی قسە دەکەن، بەڵام لەڕوی ئایینییەوە زۆر جیاوازن لە زۆرینەی دانیشتوان کە کوردی سوننەن .(Sannes, 2022: 2) .

## ٤. چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە:

**٤-١. میتۆدی توێژینەوەکە( Study Method):** میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، کە تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کۆ دەکرێتەوە و بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕو. بەئامانجی ئەوەی واقیعی پەیوەندی و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان و تاکەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕو.

**٤-٢. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (Research Community):** کۆمەڵگای توێژینەوە کۆی گشتی یەکەکانی توێژینەوەیە، کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە (Mahmood and Anwar,64: 2024). کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش لەسەرجەم پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکانی دانیشتوی پارێزگای هەولێر پێکهاتووە.( هەمو ئەو کەسانە لە خۆدەگرێت، کە پێکهاتەی ئایینی جیاوازیان هەیە، وەك (ئیسلام، مەسیح، کاکەیی، جولەکە، زەردەشتی، بەهائی، صابئە، ئێزدی) کە دانیشوانی پارێزگای هەولێرن.

**٤-٣. نمونەی توێژینەوەکە:** بریتییە لە ( ٣٨٤ ) کەس، بە جۆرێك ( ٢٠٤ ) کەس لە ڕەگەزی نێر و ( ١٨٠ ) کەس لە ڕەگەزی مێ. سەبارەت بە شێوازی وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکەش، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە ڕوی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی وەك "ڕەگەز، تەمەن، ئایین، ئاستی ئابوری، ئاستی خوێندەواری، پیشە، باری کۆمەڵایەتی" لەیەکتری جیاوازن؛ بۆیە توێژەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تایبەتمەندیانە پشتی بە (نمونەی نائەگەری- Non Probability) بەستووە. لە شێوازی هەڵبژاردنیش سودی لە شێوازی (نمونەی پشکی -Quota Sample) وەرگرتووە. بە جۆرێك توێژەر بەلەبەرچاوگرتنی ژمارەی گشتی هەر پێکهاتەکی ئایینی ,

لەپارێزگای هەولێر پشـــکێکی دیارکردووە و فۆرمی پرســـیارنامەکەی بەســـەردا دابەشکردون وەك لە خشتەی ژمارە(١) دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە ١

نمونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات.

| پێکهاتەی ئاینی | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| ئیسلام | ١٥٠ | ٣٩.٠٦ |
| مسیحی | ٦٠ | ١٥.٦٢ |
| ئێزەدی | ٤٠ | ١٠.٤١ |
| صابئە | ٣٠ | ٧.٨١ |
| کاکەیی | ٣٠ | ٧.٨١ |
| بەهایی | ٣٠ | ٧.٨١ |
| زەردەشتی | ٢٤ | ٦.٢٥ |
| جوولەکە | ٢٠ | ٥.٢٠ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

## ٥. ئامراز و کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:

**٥-١. فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaire):** بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و کۆمەڵناسی بەتایبەت دادەنرێت. بە جۆرێك بۆ زۆربەی بابەت و پرسە جۆر بەجۆرەکانی ئەم زانستە سودی لێوەردەگیرێت(شوانی،٢٠١٥: ٣٥٨). لەم توێژینەوەدا ( ٣٨٤) فۆرمی ڕاپرسی دابەش کرا، کە هەر یەك لەو فۆرمانە پێکهاتوون لە ( ٥٢) بڕگە لە (٨ ) پرسیاری گشتی و ( ٤٤) پرسیاری تایبەتی، کە هەندێك لە پرسیارەکان لە جۆری داخراون، هەندێکیشیان لە جۆری کراوەن بەپێی وەڵامەکان. فۆرمەکە بەسەر چوار ڕەهەندا دابەش بووە. لە ڕوی متمانەوە (٤) پرسیار لە خۆ دەگرێت. لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە(٥) پرسیار، لە ڕوی کەلتوریەوە(١٠) پرسیار، لە ڕوی پەیوەندیەوە(٩) پرسیار، لە ڕوی گونجانەوە(١٠) پرسیار، لە ڕوی ئابوریشەوە(٦) پرسیار لە خۆدەگرێت.

**٥-٢.** مەرجە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان: ڕاستێتی و جێگیریی پێوەر یەکێکە لە قۆناغە سەرەکیی و گرنگەکانی هەمو توێژینەوە چەندایەتییەکان، چونکە فۆرمی ڕاپرسی یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوە زانستییەکاندا، بۆ ئەمەش پێویستی بە ئاستێکی باش لەڕاستێتی (Validity) و جێگیری (Reliability) هەیە. بە شێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا سود لە ڕاستێتی ڕواڵەتی و لە جێگریش سود لە دوبارە تاقیکردنەوە وەرگێراوە. بەمشێوەیەی خوارەوە:

١- ڕاستێتی ڕواڵەتی (Face validity): بە ئامانجی دڵنیابون لە ڕادەی ڕاستێتی پرسیارەکانی فۆرمی توێژینەوەکە. توێژەران فۆرمی ڕاپرسیەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی کە لە (٥٢) پرسیار پێکهاتبو ئاراستەی (١٠) کەسی شارەزاو پسپۆڕییان کرد. وەکو کردارێك بۆ دەرهێنانی ڕاستێتی ڕواڵەتی و دڵنیابون لە ئاستی دروستی و گونجاوی و پاراوی لە ڕوی زمانەوانی پرسیارەکانی فۆرمەکە. لە ئەنجامدا دوای لێکدانەوە و هەژمارکردنی پرسیارە دروستەکان لە لای هەر (١٠) شارەزا و پسپۆڕەکە. ڕێژەی ڕاستێتی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسیەکە بریتی بو لە (90.5%). ئەم ڕێژە بەدەستهاتووەش ئاستێکی بەرز گونجاوی فۆرمەکە پیشاندەدات. لە کۆتایدا بە بەرچاوگرتنی تێبینی و سەرنج و پێشنیازەکانی پسپۆڕەکان سەبارەت بە فۆرمی ڕاپرسیەکەمان لە ( ٥٢) پرسیارەوە بۆ ( ٥٠)کەمکردەوە . واتا (٢) بڕگە بە نەگونجاو دانراون کە بڕگەی ژمارە (٢٣، ٤٤) بو. چونکە ڕێژەکەی لە خوار (٧٠٪) بو؛ بۆیە لادراون. هاوکات لەسەر پێشنیاز و ڕاسپاردەی پسپۆڕەکان (٢) بڕگە زیادکراوە. واتە شێوەی کۆتایی فۆرمی ڕاپرسیەکەمان لە (٥٢) بڕگە پێکهاتووە.

٢. جێگیری (Reliability): بۆ دەرهێنانی جێگری سود لە ڕێگە " دوبارە تاقیکردنەوە " وەرگیراوە. بە ئامانجی دەرهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی نێوان نمرەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم و تاقیکردنەوەی دووەم، بەهەمان ڕێگا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نمونەی ( ١٥) کەسی بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە، دوای (١٦) ڕۆژ جارێکی تر هەمان فۆرمی پرسیارنامەکەی بەسەر هەمان نمونە دابەشکراوە، دواتر لەڕێگەی پەیوەستی پێرسۆنەوە ئاستی جێگیری پێوەرەکە دەستنیشانکرا کە بریتییە لە (٠,٨٠٦)، ئەمەش ئاستێکی بەرز لە جێگیری نیشان دەدات.

## ٦. خستنەڕو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوە

### ٦-١. خستنەڕوی تایبەتمەندیە دیمۆگرافییەکانی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە

أ. تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە وەک: (ڕەگەز، تەمەن، جۆری ئاین، ئاستی خوێندەواری)کە لە خشتەی ژمارە (٢) دەخرێتەڕو.

خشتەی ژمارە ٢

تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە.

| گۆڕاوی دیموگرافی | پۆلێن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٢٠٤ | ٥٣.١ |
| | مێ | ١٨٠ | ٤٦.٩ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |
| تەمەن | لەنێوان (١٨ - ٢٥) | ٧٩ | ٢٠.٦ |
| | لەنێوان (٢٦ - ٣٣) | ١٢٣ | ٣٢ |
| | لەنێوان (٣٤ - ٤١) | ١٠٣ | ٢٦.٨ |
| | (٤٢) ساڵ و زیاتر | ٧٩ | ٢٠.٦ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |
| ئاین | ئیسلام | ١٥٠ | ٣٩.١ |
| | مەسیحی (کریستیان) | ٦٠ | ١٥.٦ |
| | ئێزەدی | ٤٠ | ١٠.٤ |
| | صابئە | ٣٠ | ٧.٨ |
| | کاکەیی | ٣٠ | ٧.٨ |
| | جولەکە (جوو) | ٢٠ | ٥.٢ |
| | بەهائی | ٣٠ | ٧.٨ |
| | زەردەشتی | ٢٤ | ٦.٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | - | - |
| | دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | ٧ | ١.٩ |
| | سەرەتایی | ٢٦ | ٦.٨ |
| | ناوەندی | ٣١ | ٨.١ |
| | ئامادەیی | ٧٠ | ١٨.٢ |
| | پەیمانگا و زانکۆ | ٢٢٣ | ٥٨.١ |
| | خوێندنی باڵا | ٢٧ | ٧ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

**ب. تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نمونەی توێژینەوەکە کە لە خشتەی ژمارە (٣) دەخرێتەڕو.**

خشتەی ژمارە ٣

تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو.

| گۆڕاوی دیمۆگرافیك | گروپ | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|---|
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | ١٢٢ | ٣٢.٨ |
| | خێزاندار | ٢٣٢ | ٦٠.٤ |
| | جیابووەوە | ١١ | ٢.٩ |
| | تاک مردو | ١٩ | ٤.٩ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |
| شوێنی نیشتەجێبون | سەنتەری پارێزگا | ٢٢٩ | ٥٩.٦ |
| | قەزا | ١٠١ | ٢٦.٣ |
| | ناحیە | ١٧ | ٤.٤ |
| | گوند | ٣٧ | ٩.٦ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |
| ئاستی ئابوری | زۆرباش | ٥٠ | ١٣ |
| | باش | ١٢٠ | ٣١.٣ |
| | مامناوەند | ١٥١ | ٣٩.٣ |
| | خراپ | ٥٦ | ١٤.٦ |
| | زۆر خراپ | ٧ | ١.٨ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |
| پیشە | **فەرمانبەر** (کەرتی حکومی+کەرتی تایبەت) | ١٠٩ | ٢٨.٤ |
| | **کاری ئازاد** | ٩٥ | ٢٤.٧ |
| | قوتابی | ٥٠ | ١٣ |
| | ژنی ماڵ | ٤٨ | ١٢.٥ |
| | بێکار | ٢٣ | ٦ |
| | خانەنشین | ١٨ | ٤.٧ |
| | مامۆستا | ٤١ | ١٠.٧ |
| | کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

**٦-٢. خستنەڕوی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

## ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی متمانە لە نێوان پێکهاتە ئاینییە جیاوازەکان لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە:

سەبارەت بە ئاستی متمانە لەنێوان پێکهاتە ئاینییە جیاوازەکان چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی نمونەی توێژینەوەکە کردووە. گرینگترین پرسیارەکان لێرەدا دەخرێتەڕو:

**١- باسکردنی نهێنییەکانی ژیان لای کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە:**

ئەوەی پەیوەستە بە باسکردنی نهێنییەکانی ژیان لای ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئاییینیان جیاوازترە لەوان، لە خشتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. بە ڕێژەی (٤٢،٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ئامادەن هەمو کاتێك باسی نهێنیەکانی ژیانیان لای کەسانێك بکەن کە پێکهاتەی ئاییینیان لەوان جیاوازترە. هەروەها بە ڕێژەی(٢٦،٨٪)یان هەندێك کات ئامادەن نێهنیەکانی ژیانیان لای ئەو کەسانە باس بکەن کە پێکهاتەی ئاییینیان لەوان جیاوازە. لە کۆتاییشدا لە (٣٠،٧٪)ی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاتێك ئامادە نین نهێنییەکانی ژیانیان لای ئەو کەسانە باس بکەن کە پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازترە.

خشتەی ژمارە ٤

باسکردنی کێشە خێزانییەکان لای کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینەکەیان جیاوازترە نیشاندەدات.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| هەمو کاتێك | ١٦٣ | **٤٢.٤** |
| هەندێك کات | ١٠٣ | **٢٦.٨** |
| هیچ کاتێك | ١١٨ | **٣٠.٧** |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | **١٠٠** |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەرکەتووە، بە ڕێژەی (٦٩،٣٪) ی ئەندامانی نوونەی توێژینەوەکە هەمووکات، یاخود هەندێك کات ئامادەن نهێنییەکانی ژیانیان لای کەسانێك باس بکەن کە پێکهاتەی ئاینیان جیاوازە لەوان. ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە کە متمانەیەکی زۆر لەنێوانیاندا بونی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕێژەی (٣٠،٣٪) نێهنیەکانی ژیانیان باس ناکەن هیچ کاتێك لای کەسانێك کە لە پێکهاتەی ئاینی جیاوازیان لەوان هەیە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و باسکردنی نهێنییەکانی ژیان لای کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینەکەیان جیاوازترە، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا**$^{٢}$) بە بەهای (٦,٩٧٣) بە نمرەی ئازادی (٢)، دەردەکەوێت بەهای جیاوازی بەڵگەدارە. ئەمەش واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەستی دیاریکردنی هێزی ئەم پەیوەندییەش هاوکۆلکەی (**کرامەر**)مان بەکارهێناوە، کە بەهاکەی بریتیی بو لە (٠,١٣٥). ئەمەش ئاماژەیە بۆ هێزێکی لاواز لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەزی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و باسکردنی نهێنییەکانی ژیان لای کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینەکەیان جیاوازترە. هۆی ئەم پەیوەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەگەزی مێ بەبەراورد بە ڕەگەزی نێر زیاتر ئامادەن نهێنییەکانی ژیانیان لای کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینەکەیان جیاوازترە باس بکەن. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

**٢- ڕێگەدان بە ئەندامانی خێزان بۆ بەستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە:**

ئەوەی پەیوەستە بە ڕێگەدانی ئەندامانی خێزانی بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئاییینیان جیاوازترە لەوان، لە خشتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. بە ڕێژەی (٨٥،٧٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕێگە بە ئەندامانی خێزانەکانیان دەدەن بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی لە پێکهاتەی ئاییینیان جیاوازە لەوان. لەبەرامبەردا (١٤،٣٪) نمونەی توێژینەوەکە ڕێگە نادەن ئەندامانی خێزانەکانیان پەیوەندی کۆمەڵایەتی ببەستن لەگەڵ ئەو کەسانەی پێکهاتەی ئاییینیان لەوان جیاوازە.

خشتەی ژمارە ٥

ڕێگەدانی ئەندامانی خێزان بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەل کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینەکەیان جیاوازترە ڕوندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٢٩ | **٨٥.٧** |
| نەخێر | ٥٥ | **١٤.٣** |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | **١٠٠** |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp1-15

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕێگە بە ئەندامانی خێزانەکەیان دەدەن، بۆ ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پەیوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێك ببەستن کە ئاینیان لەوان جیاوازە. ئەمەش ئەوە دەردەخات لەکۆمەڵگای کوردی متمانەوە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی زۆر باش لە نێوان پێکهاتە ئاینییەکان هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لە نمونەی توێژینەوەکە ڕێگە نادەن بە بەستنی ئەم جۆرە پەیوەندییە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی پێکهاتەی ئاینی و ڕێگەدانی ئەندامانی خێزان بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینیەکەیان لەوان جیاوازە، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا$^{2}$**) بە بەهای (٣٣,٢٥٤) بە نمرەی ئازادی (٧)، دەردەکەوێت بە های جیاوازی بەڵگەدارە، ئەمەش واتای وایە کە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەستی دیاریکردنی هێزی ئەو پەیوەندیەش هاوکۆلکەی (**کرامەر**)مان بەکارهێناوە، کە بەهاکەی بریتی بوو لە (٠,٢٩٤). ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی هێزێکی نیمچە لاواز لە نێوان گۆڕاوی پێکهاتەی ئاینی و ڕێگەدانی ئەندامانی خێزان بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانێك کە پێکهاتەی ئاینیەکەیان لەوان جیاوازە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی کەم لە هەندێك پێکهاتە ئاینە جیاوازەکان ئاراستەیان بەرەو ڕێگەنەدانە بە ئەندامانی خێزان بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە.

## ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە لە نێوان پێکهاتە ئاینیە جیاوازەکان:

**أ. لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە:** لەم ڕووە کۆمەڵێك پرسیارمان ئاراستەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کردووە، کە سەرەکیترینیان بریتین لە:

### ١. تێکەڵاوبونی فەرمانبەرانی کەرتی(تایبەت و حکومی) لە شوێنی کار لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە:

ئەوەی پەیوەستە بە تێکەڵابونی فەرمانبەرانی کەرتی(تایبەت و حکومی) لە شوێنی کار لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پێکهاتەی ئاینیان جیاوازە. بە ڕێژەی (٨٠.%)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەمو کاتێك، هەروەها (١٩,٣٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەندێک کات و لە کۆتایشدا (٠,٧٪) هیچ کاتێك تێکەڵاوی لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانە ناکەن، کە پێکهاتەی ئاینیان جیاوازە لەوان و لەهەمان شوێن کاریان لەگەڵدا دەکەن.

خشتەی ژمارە ٦

تێکەڵابونی فەرمانبەرانی کەرتی(تایبەت و حکومی) لە شوێنی کار لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پێکهاتەی ئاینیان جیاوازە نیشاندەدات.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| هەمو کاتێك | ١٢٠ | **٨٠** |
| هەندێك کات | ٢٩ | **١٩.٣** |
| هیچ کاتێك | ١ | **٠.٧** |
| کۆی گشتی | ١٥٠* | **١٠٠** |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەرکەوتووە، ڕێژەی زۆرینەی ئەو ئەندامانەی نمونەی توێژینەوەکە(فەرمانبەران) تێکەڵاویان هەیە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی کە پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە و لە هەمان شوێن کار دەکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیەکی دروست و باش بە بێ ڕەچاوکردنی پێکهاتەی ئاینی بونی هەیە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز(*) و تێکەڵابون لە هەمان فەرمانگە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا$^{2}$**) بە بەهای (١,٩٩٩) بە نمرەی ئازادی (٢)، دەردەکەوێت کە بەهای بەڵگەدار نیە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نیە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی کەرتی (حکومی و تایبەت)+ مامۆستایان ڕەگەزیان نێر یاخود مێ بێت، جیاوازیان نیە سەبارەت بە تێکەڵابونیان لە فەرمانگەکەیان لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە.

### ٢. بەردەوامی و بونی تێکەڵاوی لە دەرەوەی فەرمانگە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە:

ئەوەی پەیوەستە بە بەردەوامیدان بە تێکەڵاوی لە دەرەوەی فەرمانگە لەگەڵ ئەو کەسانەی پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە، لە خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە ٧

بەردەوامی و بونی تێکەڵاوی لە دەرەوەی فەرمانگە لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی پێکهاتەی ئاینیان جیاوازە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٨ | **٩٠** |
| نەخێر | ١٢ | **١٠** |
| کۆی گشتی | ١٢٠* | **١٠٠** |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لەناو فەرمانگەکەیان تێکەڵاوی ئەو فەرمانبەرانە بون، کە پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە، ئەوا بەردەوامیان داوە بەو تێکەڵاویە لە دەرەوەی فەرمانگەکەیان. واتا تەنها تێکەڵاوی

* کۆی گشتی (١٥٠) نمونەیە، چونکە ئەم پرسیارە تەنها ئاڕاستەی ئەو کەسا نە کراون کە فەرمانبەرن لە کەرتی (حکومی و تایبەت ) هاوکات مامۆستایان. کە ئەم دو گروپە ژمارەیان (١٥٠) کەسە. لەبەرامبەردا ئەو کەسانەی (کاری ئازاد، ژنی ماڵەوە، بێکار، خانەنشین، قوتابی) ناگرێتەوە. کە کۆی گشتی ئەم گروپانەش (٢٣٤) کەسە.... کۆی گشتی ١٥٠+٢٣٤= ٣٨٤.

* تەنها ڕەگەزی ئەو فەرمانبەرانی کەرتی (حکومی و تایبەت )+ مامۆستایان وەگیراوە. چونکە ئەو پرسیارە خۆی پەیوەستە بە ئەوانەوە، بۆیە بۆ تاقکردنەوەی (کا$^{2}$) و پەوەندی نێوان ئەم دو گۆڕاوە تەنها ئەوان وەرگیراوە.

* سروشتی ئەم پسیارە بەمجۆرەیە: تەنها ئاڕاستەی ئەو کەسانەی کراوە کە لە خشتەی ژمارە (٨) وەڵامەکەیان هەمو کاتێك بووە، بۆیە کۆی گشتییەکە (١٢٠) کەسە. واتە ئەو فەرمانبەرانەی لە کەرتی (تایبەت و حکومی)، یاخود مامۆستان، لە پرسیاری پێشوتر وەڵامەکەیان (هەموکاتێك)ە، دەگرێتەوە و ئەم پرسیارە پەیوەستە بە ئەوانەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp1-15

نەبووە لەناو فەرمانگەکەیان. لەبەرامبەردا بەشێك بە ڕێژەی (١٠٪) لەو فەرمانبەرانەی لەناو فەرمانگەکەیان تێکەڵاوی ئەو فەرمانبەرانە بون کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە، ئەوا بەردەوامیان نەداوە. واتە تێکەڵاویەکەیان تەنها لەناو فەرمانگەکەیاندا بووە. لە میانی ئەم ئەنجامەش بۆمان دەردەکەوێت کەوا تەنها پەیوەندی کاریی هۆکار نەبووە بۆ تێکەڵاوی و پەیوەندی نێوان پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان، بەڵکو تەنانەت پەیوەندی پیشەیی ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ دروست بوونی تێکەڵاوی و پەیوەندی زیاتر.

وەرگرتن و پێشکەشکردنی یارمەتی تاکەکانی پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە:

**٣. وەرگرتن و پێشکەشکردنی یارمەتی تاکەکانی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە:** وەك لە خشتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. لە (٩٥,١٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە یارمەتی تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانیان کردووە. لە بەرامبەردا (٤,٩٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە یارمەتی تاکەکانی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکانیان نەکردووە.

هاوکات لە (٧٥,٥٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە یارمەتی دراوان لەلایەن کەسانێك کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە. لەبەرامبەردا لە (٢٤,٥٪)ی نمونەی توێژینەوە یارمەتی نەدراون لەلایەن کەسانێك کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە.

خشتەی ژمارە ٨

وەرگرتن و پێشکەشکردنی یارمەتی تاکەکانی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان لە لایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە.

| وەڵام | پێشکەشکردنی یارمەتی | | یارمەتی وەرگرتن | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
| بەڵێ | ٣٦٥ | ٪٩٥,١ | ٢٩٠ | ٧٥.٥ |
| نەخێر | ١٩ | ٪٤,٩ | ٩٤ | ٢٤.٥ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ٪١٠٠ | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشتەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، یارمەتیان پێشکەش بەو کەسانە کردووە کە پێکهاتەی ئایینییان لەوان جیاوازە. هاوکات یارمەتیشیان لەلایەن ئەو کەسانە وەرگرتووە، کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هاوکاری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان پێکهاتە ئایینییەکان لە ئاستێکی باش دایە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیان نەیارمەتیان وەرگرتووە، نە یارمەتیشیان پێشکەشی ئەو کەسانە کردووە کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە.

**٤. ڕەتکردنەوەی جیاکاری و دەمارگیری دژی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە:**

ئەوەی پەیوەستە بە ڕەتکردنەوەی جیاکاری و دەمارگیری دژی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ، وەك لە خشتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. لە (٨٢٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جیاکاری و دەمارگیری دژی هەر پێکهاتەیەکی ئایینی بەتەواوی ڕەتدەکەنەوە. هەروەها(١٥,١٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە تا ڕادەیەك جیاکاری و دەمارگیری دژی هەر پێکهاتەیەکی ئایینی ڕەتدەکەنەوە. لە کۆتاییشدا لە (٢,٩٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جیاکاری و دەمارگیری دژی هەر پێکهاتەیەکی ئایینی ڕەتناکەنەوە.

خشتەی ژمارە ٩

ڕەتکردنەوەی جیاکاری و دەمارگیری دژی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣١٥ | ٨٢ |
| تاڕادەیەك | ٥٨ | ١٥.١ |
| نەخێر | ١١ | ٢.٩ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بە تەواوەتی، یان تاڕادەیەك جیاکاری و دەمارگیری دژی هەر پێکهاتەیەکی ئایینی ڕەتدەکەنەوە. بەڵام لەبەرامبەردا بەشێکی زۆر کەم کە دەکاتە (٢،٩٪) دەمارگیری و جیاکاری دژی هەرپێکهاتەیەکی ئایینی ڕەتناکەنەوە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی پێکهاتەی ئایینی و ڕەتکردنەوەی جیاکاری و دەمارگیری دژی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (*کا²*) بە بەهای (٢٤،٨٢٪) بە نمرەی ئازادی (١٤)، دەردەکەوێت بە های جیاوازی بەڵگەدارە، واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەستی دیاریکردنی هێزی ئەو پەیوەندیەش هاوکۆلکەی (*کرامەر*)مان بەکارهێناوە، کە بەهاکەی بریتیی بو لە (٠,١٨٠). ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی هێزێکی لاواز لە نێوان گۆڕاوی پێکهاتەی ئایینی و ڕەتکردنەوەی جیاکاری و دەمارگیری دژی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی کەم لە هەندێك پێکهاتە ئایینەکان ئاڕاستەیان بەرەو ڕەتنەکردنەوەی جیاکاری و دەمارگیریە دژی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان.

**ب. لەڕوی کەلتوریەوە: لەم رووە کۆمەڵێك پرسیارمان ئاڕاستەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کردووە:**

**١- باوەڕبون بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهاتە ئاینەکانی تر لە لایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە:**

ئەوەی پەیوەستە بە باوەڕبون بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهاتە ئاینەکانی تر لە لایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، وەك لە خشتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. (٨١,٣٪)ی نمونەی توێژینەوە باوەڕیکی زۆریان بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان هەیە. هەروەها (١٨٪)ی نمونەی توێژینەوە باوەڕێکی کەمیان بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان هەیە. لە کۆتاییشدا (٠,٧٪)ی نمونەی توێژینەوە هیچ باوەڕێکیان بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان نییە.

خشتەی ژمارە ١٠

باوەڕبون بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهاتە ئایینەکانی تر لە لایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٣١٢ | ٨١.٣ |
| کەم | ٦٩ | ١٨ |
| هیچ | ٣ | ٠.٧ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە باوەڕێکی تەواو زۆریان بە باوەڕی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین پێکهاتە ئایینەکان باوەڕیان بە نەریت و کەلتوری ئایینی یەکتر هەیە. لەگەڵ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp1-15

ئەوەشـدا بەشـێکی کەمیان باوەڕێکی کەم یاخود هیچ باوەڕێکیان بە باوەڕی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان نییە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی تەمەنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و باوەڕبون بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهـاتە ئـایینەکانی تر، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا٢) بە بەهای (١٥,٨١٨) بە نمرەی ئازادی (٦)، دەردەکەوێت بە هـای جیـاوازی بەڵگەدارە.واتە پەیوەنـدییەکی بەڵگەداری ئـامـاری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەسـتی دیاریکردنی هێزی ئەو پەیوەندیەش هاوکۆلکەی (*کرامەر*)مان بەکارهێناوە، کە بەهاکەی بریتیی بوو لە (٠,١٤٤). ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی هێزێکی لاواز لە نێوان گۆڕاوی تەمەنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و باوەڕبون بە ڕێزگرتن لە باوەڕی پێکهاتە ئایینەکانی تر. بەسـەیرکردنی وردی داتاکان ڕوندەبێتەوە تا تەمەنی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە بەرەو سـەرەوە بڕوات زیاتر ڕێزگرتنیان بەرامبەر پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان هەیە. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

**٢- ڕەچاوکردنی جیـاوازی ئـایینی لە کاتی تێکەڵاوی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان:**

ئەوەی پەیوەستە بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایینی لە کاتی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهـاتە ئـایینە جیـاوازەکان لای نمونەی توێژینەوەکە، وەك لە خشـتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. (٥٤,٢٪)ی نمونەی توێژینەوە هەموو کاتێـك ڕەچـاوی جیـاوازی ئـایینی دەکەن، لەکاتی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئـایینە جیاوازەکان. هەروەها (٤١,٩٪)ی نمونەی توێژینەوە هەندێك کات ڕەچاوی جیاوازی ئایینی دەکەن، لەکاتی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان. لە کۆتایشـــدا لە (٤,٩٪) ی نمونەی توێژینەوە هیچ کاتێك ڕەچاوی جیاوازی ئایینی ناکەن، لەکاتی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان.

خشتەی ژمارە ١١

ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایینی لە کاتی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لای نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| هەموو کاتێك | ٢٠٤ | ٥٤.٢ |
| هەندێك کات | ١٦١ | ٤١.٩ |
| هیچ کاتێك | ١٩ | ٤.٩ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت، بەڕێژەی (٩٦,١٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەموکاتێـك، یاخود هەنـدێـك کات ڕەچـاوی جیـاوازی ئـایینی دەکەن، کاتێك تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان. لەگەڵ ئەوەشـــدا بەشـــێکی کەمیان ڕەچاوی جیاوازی ئایینی ناکەن. ئەمەش لە هەردو باردۆخەکەدا هۆکارەکەی بۆ چۆنیەتی ئەو تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییە و جۆری ئایینەکە دەگەڕێتەوە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ئاســـتی خوێدەواری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و ڕەچـاوکردنی جیـاوازی ئـایینی لە کاتی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهـاتە ئـایینە جیـاوازەکان، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا٢) بە بەهای (١٥,٠٧٣) بە نمرەی ئازادی (١٢) دەردەکەوێت بەهای بەڵگەدار نییە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەر ئاســـتێکی خوێندنیان هەبێت، هەمان ئاڕاســـتە ســـەبارەت بە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایینی لە کاتی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان هەیە.

**٣. کاریگەری کەلتوری پێکهاتە ئایینەکانی تر لەسەر ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە:**

ئەوەی پەیوەســـتە بە کاریگەری فەرهەنگی پێکهاتە ئایینەکانی تر لەســـەر ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، وەك لە خشـــتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. لە (٤٣,٢٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە کاریگەری کەلتوری پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانیان لەســـەر هەیە. هەروەها (٤٥,١٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە تاڕادەیەك کاریگەری کـەلتوری پێکهـاتە ئـایینە جیـاوازەکانیـان لەســـەر هەیە. لە کۆتایشـــدا (١١,٧٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە کاریگەریی فەرهەنگی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانیان لەسەر نییە.

خشتەی ژمارە ١٢

کاریگەری کەلتوری پێکهاتە ئایینەکانی تر لەسەر ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦٦ | ٤٣.٢ |
| تاڕادەیەك | ١٧٣ | ٤٥.١ |
| نەخێر | ٤٥ | ١١.٧ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشـتەی سـەرەوەدا دەردەکەوێت، بەڕێژەی (٨٨,٣٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە کاریگەریی فەرهەنگی پێکهاتە ئایینەکانی تریان بە شـــێوەیەك لە شـــێوەکان لەســـەر هەیە. ئەمەش بۆ بەهێزی پەیوەندی و تێکەڵاوی و گونجانی کۆمەڵایەتی و کـەلتوری لە نێوان پێکهـاتە ئـایینە جیـاوازەکان دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا (١١,٧٪) پێیانوایە ئەم کاریگەرییەیان لەسەر نییە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی تەمەنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و کاریگەریی فەرهەنگی پێکهاتە ئایینەکانی تر، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (کا٢) بە بەهای (١٠,٣٤١) بە نمرەی ئازادی (٦) دەردەکەوێت بەهای بەڵگەدار نییە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە هەر تەمەنێکدا بن، هەمان ئاڕاســـتە و هەستیان سەبارەت بە کاریگەریی فەرهەنگی پێکهاتە ئایینەکانی تر لەسەریان هەیە.

**٤. کاریگەریی مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایینەکانی کۆمەڵگە لەسـەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا:**

ئەوەی پەیوەســـتە بە کاریگەریی مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایینەکانی کۆمەڵگە لەســـەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، وەك لە خشـتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە، لە (٥٢,٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایینەکانی کۆمەڵگا کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگـادا هەیە. هەروەهـا لە (٤١,١٪)ی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە پێیـانوایە تاڕادەیەك مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئـایینەکانی کۆمەڵگا کاریگەرییـان لەســـەر بەهێزکردنی هـاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگـادا هەیە. لە کۆتایشـــدا لە (٦,٥٪)ی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە پێیـانوایە مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئـایینەکانی کۆمەڵگا کاریگەرییان لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا نییە.

خشتەی ژمارە ١٣

کاریگەریی مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایینەکانی کۆمەڵگە لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا نیشان دادەت

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٠١ | **٥٢.٤** |
| تارادەیەك | ١٥٨ | **٤١.١** |
| نەخێر | ٢٥ | **٦.٥** |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوایە مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایینەکانی کۆمەڵگا کاریگەریی لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگا بە شێوەی تەواو . یاخود تارادەیە هەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئاستی زانیاری لەسەر مێژوی کۆمەڵایەتی و کەلتوری لە نێوان پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان هەیە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ئاستی خوێدەواری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و باوەڕبون بە کاریگەری مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایینەکانی کۆمەڵگە لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا٢**) بە بەهای (١٤,٤٨٥) بە نمرەی ئازادی (١٢) دەردەکەوێت بەهایەکی بەڵگەدار نیە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نیە. واتە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە هەر ئاستێکی خوێندنیان هەبێت، هەمان ئاراستە و بۆچونیان هەیە سەبارەت بە کاریگەریی مێژوی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایینەکانی کۆمەڵگە لەسەر بەهێزکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

## ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە روی پەیوەندی و گونجانەوە لە نێوان پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان:

**أ. لەروی پەیوەندییەکانەوە:** لەم رووە کۆمەڵێك پرسیارمان ئاراستەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کردووە:

**١- لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە**، ناردنی نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین لە بۆنەکاندا لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە:

ئەوەی پەیوەستە بە ناردنی نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین لە بۆنەکاندا لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە، لە خشتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە، لە (٦٤,٣٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەمو کاتێك لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لە بۆنەکاندا نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین بۆ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر دەنێرن. هەروەها لە (٢٧,٣٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەندێك کات لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لە بۆنەکاندا نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین بۆ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر دەنێرن. لە کۆتایشدا لە (٨,٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاتێك لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لە بۆنەکاندا نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین بۆ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر نانێرن.

خشتەی ژمارە ١٤

لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە، ناردنی نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین لە بۆنەکاندا لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە ڕون دەکاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| هەمو کاتێك | ٢٤٧ | **٦٣.٣** |
| هەندێك کات | ١٠٥ | **٢٧.٣** |
| هیچ کاتێك | ٣٢ | **٨.٤** |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | **١٠٠** |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی سۆسیاڵ میدیاوە لە بۆنەکاندا نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین بۆ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر دەنێرن. ئەمەش ئاماژە بۆ بەهێزی پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی کەمیان ئەمجۆرە پەیوەندییەیان نییە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە، ناردنی نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین لە بۆنەکاندا بۆ ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا٢**) بە بەهای (١٠,٤٧٤) بە نمرەی ئازادی (٢)، دەردەکەوێت بە های جیاوازی بەڵگەدارە، واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەستی دیاریکردنی هێزی ئەو پەیوەندیەش هاوکۆلکەی (***کرامەر***)مان بەکارهێناوە، کە بەهاکەی بریتیی بو لە (٠,١٦٥). ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی هێزێکی لاواز لە نێوان گۆڕاوی ڕەگەزی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە، ناردنی نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین لە بۆنەکاندا بۆ ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە. بە وردبونەوەی زیاتر لە داتا بەدەستهاتووەکاندا ئەو ڕوندەبێتەوە کە ڕەگەزی زیاتر ڕەگەزی مێ بەبەراورد بە ڕەگەزی نێر نامەی پیرۆزبایی و هەواڵپرسین لە بۆنەکاندا بۆ ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە دەنێرێت. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

**٢- بەشداركردن لە بۆنە و ئاهەنگەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، وەکو سەردانی کردنی یەکتر لە جێژن و بۆنە ئایینی و کولتوورییەکان:**

ئەوەی پەیوەستە بەشداركردنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، لە جێژن و بۆنە ئایینی و کەلتورییەکان پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە، لە (٨٨,٣٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەشداری لە ئاهەنگەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تردا دەکەن. لە بەرامبەردا لە (١١,٧٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەشداری لە ئەهانگەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تردا ناکەن.

خشتەی ژمارە ١٥

بەشدارکردنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، لە ئاهەنگەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر نیشاندەدات.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣٩ | **٨٨.٣** |
| نەخێر | ٤٥ | **١١.١** |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | **١٠٠** |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دردەکەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە، بەشداریان کردووە لە ئاهەنگەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، ئەمەش ئەوە دەردەخات قبوڵکردن و بەشداریکردن لە خۆشیەکان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا لە

ئاستێكی زۆر باشدایە ئەمەش بە هۆی ئەوەی پەیوەندیەكی توند و دروست لە نێوانیاندا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێكی كەم ئەمجۆرە پەیوەندییە نییە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی باری كۆمەڵایەتی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە و بەشداركردن لە ئاهەنگەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر، دوای جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی (كا٢) بە بەهای (٦,٦١٥) بە نمرەی ئازادی (٣) دەردەكەوێت بەهای بەڵگەدارنییە. واتە پەیوەندییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە باری كۆمەڵایەتییان هەر چیەك بێت، هەمان ئاڕاستەیان هەیە سەبارەت بە بەشداركردن لە ئاهەنگەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردا.

**٣- بونی هاوڕێی نزیك لە پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر :**

ئەوەی پەیوەستە بە بونی هاوڕێی نزیك لە پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر، لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە، لە (٧٩,٤٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێی نزكیان لە پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر هەیە. لە بەرامبەردا لە (٢٠,٦٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێی نزكیان لە پێكهاتەی ئایینە جیاوازەكانی تر نییە.

خشتەی ژمارە ١٦

بوونی هاوڕێی نزیك لە پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر لەلای نمونەی توێژینەوەكە نیشاندەدات.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٣٠٥ | ٧٩.٤ |
| نەخێر | ٧٩ | ٢٠.٦ |
| كۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دردەكەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە، هاوڕێی نزكیان لە پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێكیان هاوڕێی نزیكیان نییە، ئەمەش بۆ تایبەتمەنی كەسی دەگێڕێتەوە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی پێكهاتەی ئایینی و بونی هاوڕێی نزیك لە پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر، دوای جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی (كا٢) بە بەهای (٤٣,٠٦٧) بە نمرەی ئازادی (٧)، دەردەكەوێت بە های جیاوازی بەڵگەدارە. واتە پەیوەندییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەستی دیاریكردنی هێزی ئەو پەیوەندیەش هاوكۆلكەی (*كرامەر*)مان بەكارهێناوە، كە بەهاكەی بریتیی بو لە (٠,٣٣٥). ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی هێزێكی نیمچە مامناوەند لە نێوان گۆڕاوی پێكهاتەی ئایینی و بونی هاوڕێی نزیك لە پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر.

هاوكات سروشتی ئەم پرسیارە بە جۆرێك بووە ئەوانەی وەڵامەكەیان (بەڵێ)یە ، پرسیارێكی تریان ئاڕاستە كراوە لە ژێر ناونیشانی ( هاوڕێی نزیكەكەت سەر بە چ ئاینێكە). دەركەوت، لە (٣١,٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێ نزیكەكەیان (مەسیحە). لە (٢٦,٩٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێ نزیكەكەیان (ئیسلامە). لە (١٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێ نزیكەكەیان (صابئە). لە (١٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێ نزیكەكەیان (جولەكەن). لە (١٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێ نزیكەكەیان (كاكەین). لە (٢,٣٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێ نزیكەكەیان (ئێزەدین). لە (٠,٧٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێ نزیكەكەیان (زەردەشتییە). لە كۆتایشدا (٣٤,١٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هاوڕێی نزیكیان زیاتر لە ئاینێك هەیە.

**ب. لە ڕوی گونجانەوە: لەم ڕووە كۆمەڵێك پرسیارمان ئاڕاستەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە كردووە:**

**١- هەستی ئەندامانی نمونەی توێژینەوكە، كاتێك لەگەڵ تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر دان:**

ئەوەی پەیوەستە بە هەستی ئەندامانی نمونەی توێژینەوكە، كات لەگەڵ تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر دان. خشتەی خوارەوەدا هاتووە، لە (٣٩,٦٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هەست بە (ئارامی) دەكەن، كاتێك لەگەڵ تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردان. هەروەها لە (٥٧,٣٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە لایان ئاسییە كاتێك لەگەڵ تاكەكاتی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردان. لەكۆتایشدا لە (٣,١٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هەست بە (نائاسودەیی) دەكەن، كاتێك لەگەڵ تاكەكاتی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردان.

خشتەی ژمارە ١٧

هەستی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە، كات لەگەڵ تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر دان ڕون دەكاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
| --- | --- | --- |
| ئارامی | ١٥٢ | ٣٩.٦ |
| ئاسایی | ٢٢٠ | ٥٧.٣ |
| نائاسودە | ١٢ | ٣.١ |
| كۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشتەی سەرەوەدا دەردەكەوێت، بەرێژەی (٩٦,٩٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە لایان ئاسایە و هەست بە ئارامی دەكەن، كاتێك لەگەڵ تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردان. ئەمەش ئەوە ڕوندەكاتەوە كە گونجان و یەكتر قبوڵكردن لە نێوان تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكاندا لە ئاستێكی زۆر باشدایە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە و هەستی ئەندامانی نمونەی توێژینەوكە، كات لەگەڵ تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر، دوای جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی (كا٢) بە بەهای (٠,٦٨٠) بە نمرەی ئازادی (٢) دەردەكەوێت بەهای بەڵگەداری نییە. واتە پەیوەندییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە لە ڕوی ڕەگەزییەوە، هەمان هەستیان كاتێك لەگەڵ تاكەكانی پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تر دان.

**٢- هەستیاری بە تێكەڵبونی كۆمەڵایەتی لەگەڵ پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردا:**

ئەوەی پەیوەستە بە بونی هەستیاری بە تێكەڵبونی كۆمەڵایەتی لەگەڵ پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردا. خشتەی خوارەوەدا هاتووە، لە (١٨,٥٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هەستیاریان بە تێكەڵاوبونی كۆمەڵایەتی لەگەڵ پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردا هەیە. هەروەها لە (٢٨,٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە تاڕادەیەك هەستیاریان بە تێكەڵاوبونی كۆمەڵایەتی لەگەڵ پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردا هەیە. لەكۆتایشدا لە (٥٣,١٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە هەستیاریان بە تێكەڵاوبونی كۆمەڵایەتی لەگەڵ پێكهاتە ئایینە جیاوازەكانی تردا نییە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp1-15

خشتەی ژمارە ١٨

هەستیاری بە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تردا ڕون دەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٧١ | ١٨.٥ |
| تارادەیەك | ١٠٩ | ٢٨.٤ |
| نەخێر | ٢٠٤ | ٥٣.١ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت. بە ڕێژەی (٤٦,٩٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بە تەواوەتی یاخود تارادەیەك هەستیاریان بە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهـاتە ئـایینە جیـاوازەکانی تر هەیە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشـــــدا بە ڕێژەی (٥٣,١٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوە هیچ جۆرە هەســـتیارییەکان بە تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان نییە.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ڕەگەزی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و هەســـتیاری بە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تردا ، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا**$^2$) بە بەهـای (١,٢٣٣) بە نمرەی ئـازادی (٢) دەردەکەوێت بەهای بەڵگەداری نییە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە روی ڕەگەزییەوە، هەمان ئاراسـتەیان هەیە سـەبارەت بە هەسـتیاریان بە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تردا.

هاوکات بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی ئاســـتی خوێندەواری ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و هەســـتیـاری بە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهـاتە ئـایینە جیاوازەکانی تردا ، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا**$^2$) بە بەهای (١٢,٢١٣) بە نمرەی ئـازادی (١٢) دەردەکەوێـت بەهـای بەڵگەداری نییە. واتە پەیوەنـدییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەر ئاسـتێکی خوێندنیان هەبێت، هەمان ئاراسـتەیان هەیە ســـەبارەت بە هەســـتیاریان بە تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تردا.

**٣- بەئاسایی دانانی بونی پەرستگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر لە هەمان شاردا:**

ئەوەی پەیوەسـتە بە ئاسـایی دانانی بونی پەرسـتگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر لە هەمان شـــاردا: خشـــتەی خوارەوەدا هاتووە، لە (٧٧,٣٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لایان ئاســـاییە پەرســـتگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر بونیان لە شارەکەیاندا هەبێت. هەروەها لە(١٠,٩٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە تارادەیەك لایان ئاساییە پەرستگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر بونیان لە شارەکەیاندا هەبێت. لەکۆتایشـــدا لە (١١,٨٪) ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لایان ئـاســـایی نییە پەرستگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر بونیان لە شارەکەیاندا هەبێت.

خشتەی ١٩

بەئاسایی دانانی بونی پەرستگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر لە هەمان شاردا لای نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٩٧ | ٧٧.٣ |
| تارادەیەك | ٤٢ | ١٠.٩ |
| نەخێر | ٤٥ | ١١.٨ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت، بە ڕێژەی (٨٩,٢٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لایان ئاسـاییە، یاخود تارادەیەك لایان ئاسـاییە پەرسـتگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکان لە شـارەکەیاندا بونی هەبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین لە نێوان پێکهاتە ئایینەکانی لە کوردســـتان گونجاو یەکتر قبوڵکردن و هاوکاری لە ئاســـتێکی باشــــدایە. لەگەڵ ئەوەشـدا بەشـێکی کەم بونی پەرسـتگای ئایینی لە شـارەکەیاندا ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی ئایینەکەیان و کەسایەتیان.

بە ئامانجی زانینی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی شـوێنی نیشـتەجێبون و بەئاسـایی دانانی بونی پەرستگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر لە هەمان شوێندا، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا**$^2$) بە بەهای (٢٠,٨٢٨) بە نمرەی ئازادی (٩) دەردەکەوێت بەهای بەڵگەدارە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەسـتی دیاریکردنی هێزی ئەو پەیوەندیەش هاوکۆلکەی (**کرامەر**)مان بەکارهێناوە، کە بەهـاکەی بریتیی بو لە (٠,١٦٥). ئەمەش ئـامـاژەیە بۆ هێزێکی لاواز لە نێوان گۆڕاوی شـــوێنی نیشـــتەجێبون و بەئاســـایی دانانی بونی پەرســـتگای ئایینی پێکهاتە جیاوازەکانی تر لە هەمـان شـــوێنـدا. بە زیاتر ورد بونەوە لە داتاکان ڕون دەبێتەوە هەرچەندە ئەندامانی نمونەی توێژینەکە شوێنی نیشتەجێبونیان لە سەنتەری پارێزگا دور کەوێتەوە بونی پەرسـتگای ئایینە جیاوازەکانی تر ڕەت دەکەنەوە و لایان ئاسـایی نییە. بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

## ئامانجی چوارەم: زانینی ئاســـتی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە ڕوی ئابورییەوە لای پێکهاتە ئاینییەکانی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە

**لەڕوی ئابورییەوە:** لەم ڕووەوە کۆمەڵێك پرســـیاری پەیوەســـت بەهاوکاری لەڕوی ئابوریەوە ئاراستەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە کراوە:

**١- مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە:**

ئەوەی پەیوەســـتە بە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لەلایەن ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە: لە خشـــتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. لە (٦٤,٨٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەمو کاتێك ئامادەن مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکەن، کە پێکهـاتەی ئـایینیـان لەوان جیـاوازە. هەروەهـا لە (٣٣,٦٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەندێك کات ئامادەن مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکەن، کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە. لە کۆتایشـــدا لە (١,٦٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاتێك ئامادە نین مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن، کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە.

خشتەی ٢٠

مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| هەمو کاتێك | ٢٤٩ | ٦٤.٨ |
| هەندێك کات | ١٢٩ | ٣٣.٦ |
| هیچ کاتێك | ٦ | ١.٦ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت. بە ڕێژەی (٩٨,٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەموکاتێك ، یاخود هەندێك کات ئامادەن مامەڵەی بازرگانی

لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکەن کە پێکهـاتەی ئـایینیـان لەوان جیاوازە. ئەمەش ئەوە دەردەخات هاوکاری لە ڕوی ئابوریەوە لە نێوان پێکهاتە ئاینە جیاوازەکان لە ئاستێکی زۆر باشدایە.

بە ئـامـانجی زانینی پەیوەنـدیی نێوان گۆڕاوی ئـاســـتی ئـابوری ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە و مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا٢**) بە بەهـای (١٠,٩٢٣) بە نمرەی ئـازادی (٨) دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. واتە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەر ئاســـتێکی ئابوریان هەبێت، هەمان ئاڕاســـتە هەیە سەبارەت بە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر.

هـاوکات بە ئـامـانجی زانینی پەیوەنـدیی نێوان گۆڕاوی پیشـــەی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە و مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا٢**) بە بەهـای (٢٩,١٣٦) بە نمرەی ئـازادی (١٢) دەردەکەوێت بەهای بەڵگەدارە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەســـتی دیاریکردنی هێزی ئەو پەیوەندیەش هاوکۆلکەی (**کرامەر**)مان بەکارهێناوە، کە بەهاکەی بریتیی بو لە (٠,١٩٥). ئەمەش ئاماژەیە بۆ هێزێکی لاواز لە نێوان گۆڕاوی گۆڕاوی پیشـــەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر.

**٢- هـاوبەشـــیکردنی بازرگـانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهـاتە ئـایینە جیـاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە:**

ئەوەی پەیوەستە بە هاوبەشیکردنی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لەلایەن ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە: لە خشـــتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە. لە (٥٦٪)ی ئەندامـانی نمونەی توێژینەوەکە هەمو کاتێك ئـامـادەن هـاوبەشی بازرگـانی لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکەن، کە پێکهـاتەی ئـایینیـان لەوان جیـاوازە. هەروەهـا لە (٤١,٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەندێك کات ئامادەن هاوبەشی بازرگانی لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکەن، کە پێکهاتەی ئایینیان لەوان جیاوازە. لە کۆتایشـــدا لە (٢,٦٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاتێك ئامادە نین هـاوبەشی بازرگـانی لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن، کە پێکهاتەی ئاینیان لەوان جیاوازە.

خشـتەی ٢١

هاوبەشیکردنی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| هەمو کاتێك | ٢١٥ | ٥٦ |
| هەندێك کات | ١٥٩ | ٤١.٤ |
| هیچ کاتێك | ١٠ | ٢.٦ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە ئەنجامی خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت. بە ڕێژەی (٩٧,٤٪)ی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەموکاتێك ، یاخود هەندێك کات ئـامادەن هـاوبەشی بازرگـانی لەگەڵ ئەو کەســـانەدا بکەن، کە پێکهـاتەی ئـایینیـان لەوان جیـاوازە. ئەمەش ئەوە دەردەخات هاوکاری لە ڕوی ئابوریەوە لە نێوان پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لە ئاستێکی زۆر باشدایە.

بە ئـامـانجی زانینی پەیوەنـدیی نێوان گۆڕاوی ئـاســـتی ئـابوری ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە و هاوبەشـیکردنی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا٢**) بە بەهای (٥,٣٤٥) بە نمرەی ئازادی (٨) دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. واتە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەر ئاســتێکی ئابوریان هەبێت، هەمان ئاڕاســـتە هەیە سەبارەت بە هاوبەشیکردنی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر.

هـاوکات بە ئـامـانجی زانینی پەیوەنـدیی نێوان گۆڕاوی پیشـــەی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە و هاوبەشـیکردنی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا٢**) بە بەهـای (٢٧,٧٧١) بە نمرەی ئـازادی (١٢) دەردەکەوێت بەهای بەڵگەدارە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی هەیە. بە مەبەســـتی دیاریکردنی هێزی ئەو پەیوەنـدیەش هـاوکۆلکەی (**کرامەر**) بەکارهێنـاوە، کە بەهـاکەی بریتیی بو لە (٠,١٨٣). ئەمەش ئاماژەیە بۆ هێزێکی لاواز لە نێوان گۆڕاوی پیشـــەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە و هاوبەشیکردنی بازرگانی لەگەڵ تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر.

**٣- قەرز پێدان و وەرگرتن لە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر :**

ئەوەی پەیوەستە بە قەرز پێدان و وەرگرتن لە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، لەلاین ئەندامانی نمونەی توێژینەوە: لە خشـتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە، لە (٧,٦٪)ی ئەندامانی نموی توێژینەوەکە ئامادەن قەرز لە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر وەرگرن. هەروەهـا لە (٤,٧٪) ی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە ئـامـادەن قەرز بە تاکەکانی پێکهـاتە ئـایینە جیـاوازکانی تر بـدەن. لە (٦٠,١٪) ی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە ئامادەن قەرز لە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر وەرگن و پێشـیان بدەن. لە کۆتایشـــدا لە (٢٧,٦٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ئامادە نین قەرز لە تاکەکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر وەربگرن و پێشیان بدەن.

خشـتەی ٢٢

قەرز پێدان و وەرگرتن لە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر ڕوندەکاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
|---|---|---|
| ئامادەم قەرزیان لێ وەرگم | ٢٩ | ٧.٦ |
| ئامادەم قەرزیان پێ بدەم | ١٨ | ٤.٧ |
| ئامادەم قەرزیان لێ وەرگرم و پێشیان بدەم | ٢٣٤ | ٦٠.١ |
| ئامادە نیم نە قەرزیان پێ بدەم نە لێشیان وەرگرم | ١٠٦ | ٢٧.٦ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | ١٠٠ |

لە خشـتەی سـەرەوەدا دەردەکەوێت، زۆرینەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ئامادەن قەرز لە تاکەکاتی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان وەرگرن و پێشـــیان بدەن. هەروەها بە ڕێژەی جیاواز ئامادەن قەرزیان پێیی بدەن، یاخود قەرزیان لێ وەرگرن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە متمانەیەکی زۆر و هاوکاری لە ڕوی ئابوریەوە لە نێوان پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بەشـــێك ئامادەنین ئەو کارە بکەن،نە قەرز وەردەگرن نە قەرزیش دەدەن.

بە ئـامـانجی زانینی پەیوەنـدیی نێوان گۆڕاوی ئـاســـتی ئـابوری ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە و قەرز پێدان و وەرگرتن لە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا٢**) بە بەهای (١٣,٨٥٨) بە نمرەی ئـازادی (١٢) دەردەکەوێت، پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. واتە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەر ئاســتێکی ئابوریان هەبێت، هەمان ئاڕاســـتە هەیە سەبارەت بە قەرز پێدان و وەرگرتن لە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکانی تر.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp1-15

**٤- ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی فرۆشـیار لەکاتی کڕینی پێداویسـتییەکانی ماڵەوە لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە.**

ئەوەی پەیوەستە بە ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی فرۆشیار لەکاتی کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوە لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە: لە خشـــتەی خوارەوەدا دەرکەتووە، لە (٤١,٩٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەمو کاتێك ڕەچاوی لایەنی ئایینی فرۆشیار دەکەن، لە کاتی کڕینی پێداویســـتییەکانی ماڵەوە. هەروەها لە (١٣,٥٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هەندێك کات ڕەچاوی لایەنی ئایینی فرۆشـــیار دەکەن، لە کاتی کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوە. لە کۆتایشدا لە (٤٤,٥٪) ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە هیچ کاتێك ڕەچاوی لایەنی ئایینی فرۆشـــیار ناکەن، لە کاتی کڕینی پێداویســـتییەکانی ماڵەوە.

خشتەی ٢٣

ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی فرۆشیار لەکاتی کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوە لەلایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە.

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی٪ |
| --- | --- | --- |
| هەمو کاتێك | ١٦١ | **٤١.٩** |
| هەندێك کات | ٥٢ | **١٣.٥** |
| هیچ کاتێك | ١٧١ | **٤٤.٥** |
| کۆی گشتی | ٣٨٤ | **١٠٠** |

لە ئەنجامی خشـــتەی ســـەرەوەدا دەردەکەوێت. ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی فرۆشـــیار لەکاتی کڕینی پێداویســـتییەکانی ماڵەوە لە لایەن ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە نێوان (ڕەچاوکردن و ڕەچاونەکردن) ڕێژەکە یەکسان و نزیك لەیەکە . بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم یەکسانیە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی تاکەکەسی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە.

بە ئـامـانجی زانینی پەیوەنـدیی نێوان گۆڕاوی ئـاســـتی ئـابوری ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە و ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی فرۆشـــیار لەکاتی کڕینی پێداویســـتییەکانی مـاڵەوە، دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی (**کا**²) بە بەهـای (١١,١٩٨) بە نمرەی ئازادی (٨) دەردەکەوێت بەهای بەڵگەدار نییە. واتە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئەم دو گۆڕاوەدا بونی نییە. ئەمەش ئـاماژەیە بۆ ئەوەی ئەنـدامـانی نمونەی توێژینەوەکە هەر ئاســـتێکی ئابوریان هەبێت، هەمان ئاڕاســـتە هەیە، ســـەبارەت بە ڕەچاوکردنی لایەنی ئایینی فرۆشیار لەکاتی کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوە.

## ٧. ئەنجام

بە ســـەرنجدان لەو ئەنجامانەی، کە لە میانی تاقیکردنەوەی ئامانجی توێژینەوەکە، دەستمان کەوتون، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:

١- متمانەیەکی باش لە نێوان پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان لە پارێزگای هەولێر بونی هەیە. بەجۆرێك ســەرجەم پێکهاتە ئایینەکانی وەك (ئیســلام، جولەکە، مســیحی، ئیزەدی، بەهائی، صابئە، زەردەشــتی). لە پرۆســەی فێرکردن و باســکردنی کێشــە و نێهێنیەکانی ژیان و بەســـتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، تەنانەت دەنگدانیشـــدا، بە کەمترین شـــێوە ڕەچاوی جیاوازی پێکهاتەی ئایینی دەکەن.

٢- لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە تاکەکانی ســـەرجەم پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان پەیوەنییەکی باش لە نێوانیاندا بونی هەیە. ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی نێوانیان هۆکارە بۆ ئەوەی ئاڕاســـتەیان بەرامبەر یەکتری دروســـت بێت و ئامادە بن بەرگری لەیەکتر بکەن، و هەمو دەســـتدرێژیەك بۆســـەر هەر پێکهاتەیەکی ئایینی ڕەتبکەنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بەشـــێکی زۆر کەم لەهەندێك لە پێکهاتەکان ئەم پەیوەندی و ئاڕاســـتەیان نییە. ئەمەش پەیوەندی بە ئاڕاســـتە و خودی تاکە کەســـییەوە هەیە نەك کۆی پێکهاتە ئایینەکە.

٣- گیانی یەکتر قبوڵکردن لە نێوان پێکهاتە ئایینەکاندا لە ئاستێکی باشدایە . بەجۆرێك ڕێز لە نەریت و بنەما و ڕێوەڕەسم و پیرۆزیەکانی یەکتری دەگرن. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بونی کەلتورێکی جوان و پەســـەند، کە لە نێوان پێکهاتە ئایینەکانی وەك ( ئیســـلام، ئیزەدی، مەسیحی، بەهائی، صابئە، جولەکە، زەردەشتی، کاکەیی) هەیە.

٤- گونجانێکی کۆمەڵایەتی باش لە نێوان پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان بونی هەیە. بێگومان ئەم گونجـانە کۆمەڵایەتییە مێژویەکی لە مێژینەی لە نێوان پێکهـاتە ئـایینەکانـدا بونی هەبووە، ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی کەمترین گرفت و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست بێت.

٥- لە ڕوی ئابوریەوە هاوکاریەکی باش لە نێوان ســـەرجەم پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان بونی هەیە. بەجۆرێك مامەڵەی بازرگانی و هاوبەشـــیکردن لە پرۆژە و بارزگانیدا بە کەمترین شـــێوە تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان ڕەچاوی لایەنی ئایینی کردووە. تەناتەن لە پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزاری و پێدانی دەرفەتی یەکســـانی بازرگانی و پرۆژە ئابوریەکاندا تاکەکانی پێکهاتە ئایینە جیاوازەکان ئاڕاســـتەیەکی ئەرێنیان هەیە. ئەمەش ئـامـاژەیە بۆ پێکەوە گونجـانی کۆمەڵایەتی و ئـابوری و بونی پەیوەنـدیەکی کۆمەڵایەتی و ئـابوری لە نێوان پێکهاتە ئـایینە جیاوازەکاندا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بەشـێکی زۆر کەم لە هەندێك پێکهاتەی ئایینی ئاڕاسـتەیەکی نەرێنیان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاڕاستەی کەسایەتی نەك ئاڕاستەی پێکهاتە ئایینیەکانیان.

## ٨. سەرچاوەکان

احمد، عباس شریف (٢٠٢٤)، پەیوەندیی پەروەردە بە پێکەوەژیان و نێوەندگیری شوناسی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)، تێزی دکتۆرا، بڵاو نەکراوە، پێشکەشی بەشی زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

شوانی، محمد (٢٠١٥)،، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

میران، رەشاد (٢٠٠٠) رەوشی ئایینی و نەتەوەیی لەکوردستان، چ٢، کوردستان – سەنتەری برایەتی.

یاسای ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٥.

اسلامی، سید حسن (٢٠٠٠)، نگرش جامعەشناسی به دین با تأکید بر نظریه دورکهایم، پژوهش و حوزه، سال هفتم، شماره بیست و ششم.

پور احمدی، حسین و کریمی الوار، کیوان (٢٠٠٦)، بررسی تطبیقی جامعەشناسی دین کارل مارکس و ماکس وبر با تاکید بر جنبش بابك خرمدین، مطالعات تاریخ فرهنگی؛ پژوهشنامەی انجمن ایرانی تاریخ، سال هفتم، شماره بیست وهشتم.

عبدالرضا، علیزاده و دیگران(٢٠١١ )، جامعهشناسي معرفت، قم: پژوهشگاه حوزه و دانشگاه.

گیدنز، آنتونی (٢٠٠٧)، جامعەشناسی، ترجمه حسین چاوشیان، تهران، نشر نی.

شهیب، عادل، ٢٠٢٣، التضامن الاجتماعي: مقاربة مفاهيمية، مجله انثروبولوجيا، مجلد ٩، عدد ٠١.

cournil N, (2001) (Les Solidarites dumagius: Approcv anthropologique des forms d,entraide, In: GUILLAUME p. (sous la direction), Les Solidarites:

Le lien dans tous sese tats, Maison des Sciences de I homme d,entraide, France.

Durkheim, E., 2023. The division of labour in society. In Social Theory Re-Wired (pp. 15-34). Routledge.

Giddens, Anthony and Duneier, Mithchell and Appelbaum, Richard (2005), Introduction to Sociology, Fifth Edition, New York, Norton. ISBN: 0-393-92553-6.

Himonga, C., Taylor, M. and Pope, A., 2013. Reflections on judicial views of ubuntu. *Potchefstroom Electronic Law Journal*, *16*(5), pp.369-427.

James, William, 1902, The varieties of Religious Experience, New York, London, Green.

Mahmood, D. O. . and Anwar, B. H. . (2024) "The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And 'John Dollard'", *KOYA UNIVERSITY JOURNAL OF HUMANITIES AND SOCIAL SCIENCES*, 7(2), pp. 58–72. doi: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

Moxley, R.L., 1973. Social solidarity, ethnic rigidity, and differentiation in Latin American communities. Rural Sociology, 38(4), p.439.

Scott, M. Barbara and Schwartz, A. Mary (2000), Sociology, London, Allyn and Bacon.

Young, F., Spencer, B. and Flora, J., 1968. Differentiation and solidarity in agricultural communities. Human Organization, 27(4), pp.344-351.